# لەوەڕگای دیموکراسی!

**کەیهان عەزیز**
kayhanaziz@maktoob.com

**پارلەمانی کوردستان کۆپی پارلەمانەکارتۆنیەکەی دەورانی بەعسە،کەبەمۆرەیەکی سەدام دانیشتنەکانی ڕادەگرت .ئەو پارلەمانە لەکاتی ئاسایی(نۆرماڵ)شدا کاری :چەپڵەلیدان وچاپلوسی وشەرعیەتدان بەبڕیارەکانی دیکتاتۆر بوو،چونکە ئەندامەکانیان شەرعیەتیان لەسەدام وبەعسەوە پێدرابوو.**

**ئەم چاخانەیە(پارلەمانە)هەر لەرۆژی دامەزراندنیەوە گزگل ودەسکەلای دەستی پارتی ویەکێتی بووە. دەستگایەک بووە,تا لەرێگایەوە یاسایی وشەرعیبوون بەدەسەڵاتە مۆنۆپۆڵکراوەکەیان بدەن.دووقاشبوونی ئەم پارلەمانە لەئەنجامی شەڕی نێوخۆ، کارتۆنیبوونی گەیاندبووە لووتکە.چونکە:گەر پارلەمان وەک ئەوەی بەعس نەبوایە:-**

**1-بڕیاری ڕاگرتنی شەڕی نێوخۆ و دادگاییکردنی لێپرسراوانی دەدا.2-بڕیاری ئەوەی کەهیچ سەرۆک پارتێک لەکوردستاندا بۆی نەبێت لە8ساڵ زیاتر نەک سەرۆکایەتی وڵات بگرە سەرۆکایەتی پارتەکەشی یان هەرپۆستێکی تر بگرێتە ئەستۆ.گەر یەکێکیش هێندەچاو قایمبێ(وەک سەدام) کەبیەوێت 12ساڵ یان زیاتر سەرۆک بێت ،ئەوا دادگایی و ڕەوانەی زیندانی ئاکرێ بکرێت.3-بڕیاری لابردنی وێنەی مەلامستەفا ودانانی وێنەی قازی محەمەد لەجێی،تا نەبێتە بەهانەیەک بەدەستی یەکێتیەکانەوە بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی نێوخۆ،بەتایبەت کە هەمیشەگلەییانە لەوەی، مەلامستەفا شەهید نیەو بەنەخۆشی مردووە.4-لەپێناوی گارانتیکردنی ئازادی وسکۆلاریسم وبەرگرتن بەڤیرۆسی دەسەڵاتی ڕەهای بنەماڵە، بۆهیچ یەک لەئەندامانی دەرەجە2،1بنەماڵەی بارزانی وتاڵەبانی نەبێت خۆکاندید(سەرۆکایەتی) بکەن،چونکە ئەوان50 ساڵ واتە نیوقەرن مۆنۆپۆڵی دەسەڵاتیانکردووە حەپولکی کەسێکیان نەداوە. 5-دەستگای دادوەری وڵات بەراستی سەربەخۆبێت وبۆی هەبێت کارەکانی خۆی بکات و گەر پێویستیشی کرد سەرۆکیش بخاتەژێرلێکۆڵینەوەوە وبتوانێت سزای بدات.**

**6-سامان ودارایی وپلانی ئابووری وڵات لەژێردەسەڵاتی کۆمیسیۆنێکی پرۆفیسۆناڵی پەرلەماندا بێت،تا هیچ بنەماڵەیەکی چاوبرسی وشڕەخۆر بەبەهانەی قودسیەتەوە نەتوانن پارەی میللەت بەهەوەسی خۆیان تەخشان وپەخشان بکەن. داراییەکانی سەرۆکی هێزا وخانەوادەکەشی بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی کۆمیسیۆنێکی لێپرسینەوە وە ،تا خوانەخواستە گەر ساختەیەک ،دزییەک کەشفکرا ئەوا دەماودەست دادگایی وزیندانی بکرێت یان لەسەردەسەڵات لاببرێت. 7-ئەو کەسەی کوردستان ڕزگاردەکات بکرێتە ڕەمزێک.ئێستا کەکورد خاوەنی هیچ نیە وکەسیش نەیتوانیوە ڕزگاری بکات،ڕەمزەکانیشی وەک دەستکردو فەل دێنە بەرچاو،لەبەر ئەوە زیاتر لە کارەساتی هەڵەبجە وەک ڕەمزەێکی زیندوو یان لەڕەمزە هونەری وسینەمایی وئەدەبیەکان کەڵک وەربگیرێ.8-بڕیاری قەرەبووکردنەوەی خانەوادەی گیانبەختکردوان و قوربانیانی هەڵەبجەوئەنفال وبارزانیەکان.9-بڕیاری کردنەوەی چەندین ئاپارتمان وخانووبەرە بۆ قوربانیان**

وكارمەندان وخەڵكانی كەمدەرامەد وهەژار.10-بڕیاری كردنەوەی ئوتوبانێک كەزاخۆ ببەستێتەوە بە هەڵەبجە واتە زووربەی شارە سەرەكیەكانی كوردستان ببەستێت بەیەكەوە!9-بڕیاری درەختكاریكردن شارەكان بۆ نمونە جادەسەرەكیەكانی شارێكی وەک سلێمانی بە 20000درەخت دەتوانرێت وەک جادەكانی تارانی لێبكریت! یان درەختكاری شاخی كەچەڵی گۆیژە ،سلیمانی دەكاتە چالوسێک.هەروەها دروستكردنی پاركی جەنگەڵی وكردنەوەی بلوارێكی مەزن لەهەموو شارێكی گەورەی كوردستاندا .......!!!!!! ئەمانە بەشێكی گرنگی كاری پارلەمانی پێشوو بووكەبیكات و،نەیكرد!

## پارلەمانی تازەمۆدێل!

بۆئەوەی پارلەمانی مردارەوەبووی پێشوو بەگۆڕستان بسپێردرێت.پێویستی هەڵبژاردنێكی تازە هاتەكایەوە .هەڵبژاردن كرا.سەرەنجام پارلەمانێكی تازە هاتەكایەوە. لەم ئاستانەیەدا یەكێک لەپارلەمانتارە بەرزفڕەكان دەیگوت:ئەم پارلەمانە وەک ئەوەی پێشوو(فەل) نابێ و،بەشێوەیەک نمونەی مۆدێرنبوونی كورد دەسەلمێنێت! كەگەلانی ناوچەكە لەئێمەوە مەشق وبازبازێنی ئازادی ودیموكراسی ومافی مرۆڤ فێر بن!
یەكێكی دی بەتەسبیحێكی ئەبلەقەوە، دەیگوت:"ئێمە كارێک دەكەین، دنیا لێرەوە، لەم لەوەڕگای دیموكراسیەوە! ڕێز ومانای پارلەمانتاربوون وسیستەمی پارلەمانی و بەرنامەرێژی فێر بن!.چەند رۆژ پاش ئەوە،ئەوەی چاوەڕوان دەكرا ڕوویدا !وتایتڵەكەش ئەمەیە:"پارلەمان ناتوانێت دانیشتنەكانی سازبدات!"
ئەمەش قامچیەكی زووهەنگاو بوو، لەلایەن یەكێک لەخاوەنەكانی پارلەمانە(بارزانی)وە ،وەشێنرا! ودەریخست كە: پارلەمانێک توانای بەستنی كۆبوونەوەیەكی نەبێت ، جگە لە چەپڵەلێدان وچاپلووسی، نابێت چاوەڕوانیەكی تری لێبكرێت! كورد وتەنی:"مانگەشەو لەئێوارەوە دیارە".

Den–Bosch,
17–05–2005